

# شاعیری خراپ

# خەیاڵی نییە

## دیدارێك لەگەڵ هیوا قادر

هیوا قادر نەوەی هەشتاكانی ئەدەبی كوردی، لەسەرەتاكانی نووسینەوە بەشیعرو دواتر یاداشتو رۆمان لەنێوەندی ئەدەبیو رۆشنبیریدا دەركەوت، تا ئێستا خاوەنی چەندین دیوانی شیعرو رۆمانێكە بەناوی ئاوێنە سەرابییەكان، بەڵام ئەو زیاتر وەك شاعیر ناسراوەو گۆشەنیگای بۆ شیعر گۆشەنیگایەكی تایبەتە، ئەم دیدارە قسەكردنێكی هەمەلایەنەیە لەسەر ئەزمونی شیعری خۆی:

سازكردنی دیمانە: ئومێد رەحمانی، شێركۆ، زاهید

***بۆ ئەنوسی؟ وە بۆچی شیعر ئەنووسی؟**

–ئەم پرسیارە چەند پرسیارێكی چەندبارەبۆوەو تەقلیدییە، هێندەش هەڵگری وەڵامی نادووبارەبۆوەو نا تەقلیدییە. هەموو وەڵامەكانی ئەم پرسیارە، هیچیان وەڵامێك نین كە دوو نووسەر بتوانن لەسەری كۆكبن، چونكە نووسین كارێكی فەردانییە و وەڵامی هیچ نووسەرێك بۆ ئەم پرسیارە ناتوانێت سەد دەرسەد نووسەرێكی تر تاسەر قەناعەت پێبكات. هۆكەشی بەسادەیی ڕەنگە ئەوەبێت كە ڕەنگە پرسیارەكە خۆی لەسەرەتاوە هەر هەڵەبێت. ڕەنگە ئەوەی لەسەرەتاوە ئەم پرسیارەی كردبێت خۆی لەبەردەم كردەی نووسیندا واقوڕماو دەستەپاچەبووبێت،

بۆیە ئەو پرسیارەی کردووەو تابزانێ نووسین چییە؟ یان ویستبێتی بزانێت نهێنی بەردەوامی نووسین چییە؟ کاتێک کە تۆ وەک نووسەرێک دەنووسیت و نووسین دەبێتە جۆرێک لە عەشق ئیتر لەوە ناپرسی تۆ بۆ عاشقیت یان بۆ دەنووسیت. ئەم پرسیارەش ڕەنگە تاڕادەیەک هێندەی ئەو پرسیارە سەیربێت کە تۆ بە عاشقێک بڵێیت، تۆ بۆ عاشقیت؟!




کردەی نووسین سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دنیاو ڕێکخستنەوەیەتی، نووسین بەردەوامی ژیانە لەناو سەرسامییەکدا کە وادەکات دووبارەبوونەوە نەتکوژێت.

بۆ من نووسین سەفەرێکی بەردەوامە بۆ ئەو شوێنانەی نەمبینیون. خستنەڕووی تەماح و تەمەناکانی خۆمە، نووسین دزینی خەیاڵە لەناو جەوهەری زماندا، ڕووخاندن و دیسانەوە دروستکردنی ماناکان و وێنەکانە، زۆرینەی کاتیش هەستدەکەم نووسین بۆ من ڕزگارکردنی خۆمە لە دەستی خۆم و پێدانەوەی خۆمە بە دەستی خۆم.

بۆ شیعر دەنووسم؟ ئەم پرسیارەش پڕە لە دیوی دیارو نادیار. هەرگیز جارێکی تر ئەم پرسیارە لە شاعیرێکی تر مەکە گەر مەبەستی دەستکەوتنی وەڵامێکی قەناعەتکەرو بێچەندوچوونت هەیە، چونکە وەڵامیکت دەستناکەوێت کە نهێنی شیعرنووسینت بۆ ئاشکرابکات بەبێ ئەوەی نەکەویتە ناو شیعرییەتی وەڵامەوە.

زۆر بەسادەیی من بۆیە شیعردەنووسم چونکە لەڕێی شیعرەوە دەتوانم هێندە دوور بکەومەوە کە لەهاتنەوەمدا هەستبکەم شتێک کە من دۆزیومەتەوە لای کەسی تر نییە، ئەمەش لەو تەنهایی و ترس و عەدەمییەتە بۆ چەند ساتێک دوورم دەخاتەوە کە هەمیشە هەست دەکەم من تەنها گەردێکی زۆر بچکۆلەی ناو ئەم گەردوونەم. بە کورتی وەک عاشقێک کە پێویستی بەوە نییە هاواربکات و بڵێت من عاشقم، من پێویستم بەو هاوارکردنە نییەو لە ڕێی شیعرەوە بە بێدەنگی ئەو شتە بچکۆلانانەی کە خۆم دڵم پێیان خۆشە دەیاندۆزمەوە.

***شیعری ئێوە ((ڕەوای))ە واتە گێڕانەوە توخمی سەرەکی شیعری ئێوەیە. هاوکات لەگەڵ ئەمەش زۆر ژانری ئەدەبی دیکە هەیە کە گێڕانەوە تیایاندا دەوری سەرەکی دەبینێ. بەڕای ئێوە چۆن هەڵس و کەوتێک لەگەڵ گێڕانەوە ئەتوانێ شیعرییەت بە دەقێک ببەخشێ و لە ژانرە ڕەواییەکانی دیکە جیاوەکات؟**

–زمان بۆخۆی هەڵگری گەورەترین خاسییەتی گێڕانەوەیە، نەک ڕابردوو بەڵکە باسکردن لە ئێستاو داهاتووش هەڵگری هەمان خەسڵەتی گێڕانەوەیە لە زماندا.

تۆ لە زماندا ناتوانیت دەستبەرداری گێڕانەوەبیت، باسکردنی دیارو نادیار، ڕابردوو ئامادەو داهاتوو، لەناو چوارچێوەی زماندا لە ڕێی گێرانەوەوە دروستدەبێت. بۆیە هەرگیزاو هەرگیز ناکرێت خەسڵەتی گێرانەوە لە زمان بسەنیتەوە، سەندنەوەی گێڕانەوە لە زمان واتا بێدەنگی و چوونە ناو (نازمانەوە) کە دەکرێت لە هونەرەکانی تردا نمونەی ئەمە هەبێت نەک لە ئەدەبدا کە لەسەر زمان بنیاتنراوە.

کە زمان ئەمەبێت و شیعریش کایەیەک بێت لەناو جەوهەری زماندا ئیتر چۆن تۆ دەتوانیت شیعرییەت بەتاڵبکەیتەوە لە گێڕانەوە. بە کورتی گێڕانەوە قەدەری زمانە، زمان هەرگیز ناتوانێت لە گێڕانەوە بێتە دەرێ.

***جیاوازی دەوری زمان لە نێوان شیعرو ژانرە چیرۆکییەکاندا چۆن ئەبینیت؟**

–جیاوازی گێڕانەوە لە شیعردا بەراورد بە ژانرەکانی تر جیاوازی چڕی زمان و فرە دیوییەتی بۆ بینین، ئەو چڕبوونەوەو هاتنەوەیەکەی زمان لە شیعردا پەیوەندی بەوەوەیە کە شیعر خۆی دروستکەری دوودڵییە لەناو ماناکاندا، بەڵام لە ڕۆماندا وانییە، زمان لە ڕۆماندا گوزارشتکردنێکی زیاتر یەک دیویانەیە لەبەردەم یەک مانایی یان چەند مانایەکی دیاریکراودا بۆ شتەکان. بۆ نموونە لەپشتی هەموو وتراوێکی شیعرییەوە نەوتراوێک هەیە، کە دەکرێت ئەم فرە خوێندنەوەیە بۆ چیرۆکێک نەکرێت لەئاستی مانادا وەک لەوەی بۆ شیعرێک دەکرێت. شیعر هەمیشە ئامادەیی کرانەوەی هەیە بەسەر خۆیدا، ئامادەییەکی بەردەوام و کۆتایی نەهاتوو، بەڵام ڕەنگە ئەم فرە کرانەوانە لەو ئاستەدا کە لە ژانرێکی تری وەک چیرۆک و ڕۆماندا هەیە بەدینەکەیت. ئەم خەسڵەتەی کە شیعر وەریگرتووە لەناو ژانرەکانی تردا لەڕێی جەوهەری زمانەوەیە، کارکردن لەناو خەیاڵی




زماندا زیاتر لەناو ماڵی شیعردا دەکرێت بەراورد بە ژانرەکانی تر. شیعر لەناو خەیاڵی زماندا دەژی و ژانرەکانی تریش بەدەوری ئەو خەیاڵی زمانەدا دەسوڕێنەوە، بۆیە زۆرینەی کاتیش دەبینیت هەمیشە ژانرەکانی تر پڕن لەو دەستەوارەو خەیاڵاتە شیعریانە. بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە شیعریش سود لە ژانرەکانی تر نابینێت، بێگومان بەڵام بەبێ ئەوەی لەناو خەیاڵی زماندا بێتە دەرێ کە جەوهەری یەکەمە. ئەمەش جیاوازی گەورەی زمانە لە نێوان شیعرو ژانرەکانی تردا.

***توخمی سەرەکی شیعری ئێمە بەردەوام لە مێژووی خۆیدا عاتیفە بووە. لەم بابەتەوە شیعری ئێمە هیچ گۆڕان و دابڕانێکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ. دیارە ئەم کێشەیە ئەو شاعیرانەش ئەگرێتەوە کە بەناوی بەرەی نوێی شیعری کوردستانی عێراق ئەناسرێن و شیعری ئێوەش ئەچێتە ئەو خانەوە. دیارە لەم جۆرە شیعرەدا، شیعر بیر لە زمان ناکاتەوەو مەعامەلەیەکی کەرەسەخوازانە لەگەڵ زمان ئەکرێت و زمان بابەتێکی بڤەیە کە شاعیر خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی نادات، واتا شاعیری**

**ئێمە بیری لە زمان وەک توخمێکی سەرەکی شیعرییەت نەکردۆتەوە. ئێوە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە چۆن ئەبینن و راتان چییە؟**

–ئەم بەگشتی کردنە بۆ هەموو شیعری کوردی وە بەتایبەتیش شیعری ئەو شاعیرانەی وەک تۆ بە (بەرەی نوێی شیعری کوردستانی عێراق) ناوتبردوون پێموانییە ڕاستبێت. من پێموایە هۆکاری ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لەپشتی پرسیارەکەتەوە دەناسمەوە، دەتەوێت بەشێوەیەکی باو بڵێیت بۆ فکر نییە؟! هیوادارم لە پرسیارەکەت گەیشتبم. هاوڕێی خۆشەویست دەبێ ئەوە تێبگەیت شیعر دژ بە فیکر نییە، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە کە بەرامبەر بە شیعر دەکرێت هەڵەیە، ئەم تێڕوانینەش دژوارییەکی گەورەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دروستکردووە.

پێموانییە ئەو شاعیرانەشی کە ویستوویانە تەنها فیکر بە زمانی شیعر بگێڕنەوە توانیبێتیان سەرکەوتووبن.

وە ئەگەر مێژووی شیعری کوردیش سەیربکەیت وەک مێژووی هەموو میللەتانی دراوسێی (عاتیفە) وەک تۆ دەڵێیت ڕەگەزێکی سەرەکی شیعریانە، وە هەر لەسەرەتاشەوە شیعر زیاتر نزیکتربووە بۆ کارکردن لەو کایەدا هێندەی ژانرەکانی تر. وە پێموایە تێنەگەیشتن و سادەکردنەوەی شیعر تەنها بۆ (هەست و سۆز) وایکردووە لەلای ئێمە شیعر بەو کایە ئەدەبییە بناسرێتەوە کە زیاتر گرنگی بەلایەنی عەشق دەدات، دیارە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی لە ئاستێکی سادەدا کۆمەڵگەی ئێمەی کردووە بەکۆمەڵگەیەکی شیعری، بۆیە هەمیشە شیعر لەو ئاستە کاڵ و کرچ و سادەیەدا کایەیەک بووە بۆ گوزارشکردنێکی ئازاد کە هیچ کات حەرامکردن و تابۆکردن نەیتوانیوە ئازادییە سادەکانی لیبستێنێتەوە، هەروەها گەیشتنی پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگەیەکی ناتێکستدا (کۆمەڵگەیەکی نەخوێنەواردا، یان کۆمەڵگەیەک کە خوێندنەوە نەبۆتە کلتوور تێیدا) وەک کۆمەڵگەی کوردی، شیعر ئاسانترین و خێراترین ڕێگەبووە بۆ گەیشتنی ئەو پەیامانە. بەدیوێکی لەوە سادەتریشدا شیعر ئەو ماڵە بووە کە هەموو کەس بۆ گوزارشتکردن لەسادەترین هەستی خۆی چۆتە ناوی، بۆیە دەبینیت هەر لە شیعری فۆلکلۆریتەوە تا شیعری عاشقێکی شەرمن هەموویان ڕزگاریان دەبێت لە تابۆو حەرەمەکان و ڕەتبوونیان بەناو مەرجە قورسە کۆمەڵایەتییەکاندا بەناوی شیعرەوە، ڕەنگە شیعر لە ئاستێکی سادەدا وەسیلەیەکی ئاسان و قبوڵکراوی کۆمەڵایەتی بێت بۆ دەرچوون لەو داخرانە توندەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەسەر خۆی و ئەندامەکانیدا دروستیکردووە. ئەم حاڵەتە بە گشتی تەپوتۆزێکی دروستکردووە لەدەوری شیعری جدیش کە وادەکات ئەو حوکمە سەرپێیانەی بەسەردا بدرێت.

بێگومان (عاتیفە) ڕەگەزێکی ئەو شیعرە جدیانەشە کە ئێستا دەنووسرێن، بەڵام لە چ ئاستێکدا؟! تۆ ناتوانیت جدییەت لە هەموو شیعرێک بسەنیتەوە لەبەرئەوەی باس لە (عاتیفە) دەکات، تەنها لەبەرئەوەی تۆ بەهەزاران شیعرو شانامەی ترت هەیە کە باس لەهەمان حاڵەتدەکەن لە ئاستە میللی و سادەکەیدا. ئەم دژایەتییەی

شیعر باوابڵێین بە (بیانووی نەبوونی فیکرو کارنەکردن لە زماندا!) دژایەتیکردنێکە لە تێنەگەیشتن لەبەرامبەر کردەی نووسیندا. چونکە شیعری جدی گۆڕینی ئەو هەستە بەرجەستەیەیە ئەو (عاتیفەیەی کە تۆ باسیدەکەیت) بۆ نەستێکی بیرکەرەوەو سرک و نەگیراو لە مانایەکدا.

شیعر گەورەترین سەرمایەی ئەدەبی کوردییە، بەداخەوەو خۆزگە واشنەبووایە، بەڵام تۆ لەبەردەم مێژوویەکی ئەدەبی هەژاردایت بەراورد بە مێژووی میللەتانی تر، کە هەموو سەرمایەکەی کایەی شیعرییەتی، تەنانەت بەشێکی گەورەی مێژووی تۆ لەناو شیعردایە، ئەگەربێت و بە قەولی خۆت (عاتیفە) بەو شێوە تێڕوانینەی تۆ بۆی لە شیعری کوردی بسەنیتەوە، وەک ئەوە وایە هەموو شانازییە شیعرییەکانی شاعیرانی کلاسیکیت تورهەڵدابێت، تەنانەت وادەکەیت ناسیۆناڵە کوردەکانیش دەتۆرێنی چونکە هەموو سەرمایەی گەڕانەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لە ڕێی شیعری کوردییەوەیە.

من بەڕوونی تێناگەم مەبەستت چییە کە دەڵێیت: (، شیعر بیر لە زمان ناکاتەوەو مەعامەلەیەکی کەرەسەخوازانە لەگەڵ زمان ئەکرێت و زمان بابەتێکی بڤەیە کە شاعیر خۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی نادات، واتا شاعیری ئێمە بیری لە زمان وەک توخمێکی سەرەکی شیعرییەت نەکردۆتەوە.)

ئێمە ئەگەر بێت و باس لە شیعر بکەین، واتە شیعرێکی جدی کە هیچ موجامەلەکردنێکی کوردانە هەڵنەگرێت. بەمانای وشە شیعریک بێت کە ژیانی تێدابێت. گەر باس لە شیعر لەو ئاستەدا بکەین، ئەم شێوە تێڕوانینەی تۆ هەڵەیە بۆی. چونکە هیچ شیعرێک ناتوانێت هەڵگری خەیاڵ و هێزی مانەوەبێت ئەگەربێت و زمان تێیدا بیرکەرەوەنەبێت، سەرسامی هەمیشەیی ئێمە بۆ شیعر لە نهێنی زیندوێتی زمانەوەیە کە هەمیشە ئەتوانێت بەدیوی نوێدا خۆی بکاتەوەو خوێندنەوەی نوێ بەرهەمبهێنێت. ئایە سەرسامی ئێمە هەتاکو ئەمڕۆ لەبەردەم شیعری مەحوی و نالیدا لەم ڕووەوە نییە؟!

گەر بۆم هەبێت و کەمێک دەستکاری پرسیارەکەی تۆ بکەم بۆ ئەوەی ئەو مەبەستەی تۆ هەتە لە پرسیارێکی ئاوادا چڕبکەمەوە، ئەوا دەڵێم: بۆچی شیعر زیاتر لای ئێمە بابەتە بووە هێندەی ئەوەی کارکردن بووبێت لەناو زماندا؟ چونکە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا کرا بە پەیام و بووە هەڵگری کۆمەڵێک مانای سیاسی، ئەمە وایکرد کە شیعر هێندەی بابەت بێت هێندە یاریکردن و کارکردن نەبێت لە زماندا.

بەڵام ئەم بۆچونە بۆ ئەدەب بە گشتی و بۆ شیعر بە تایبەتی لای ئەم بەرە نوێیە نییە وەک تۆ باسیدەکەیت، ئەم هەموو گۆڕانکارییە لە بەخشینەوەی مانا ئێستاتیکییەکان بە ئەدەب و ڕزگارکردنی شیعر لەباباتییەت و خستنەوەی بۆ ناو کایەی زمان وەک کایەیەکی بیرکەرەوە نیشانەی ئەوەیە کە زمان کەرەسەیەکی بڤەو کارپێنەکراو نییە وەک تۆ دەڵێیت. ببینە ئەم هەموو گۆڕانە لە شێوەی گوزارشتکردن و بیرکردنەوە لە زماندا هەموو کاری ئەو نووسەرانە نەبوون کە تۆ باسیاندەکەیت.

بۆ نمونه کاریگەری گۆڤاری ڕەهەند و بەرهەمەکانی تری ئەو نووسەرانەی کە لەناو ئەو گۆڤارەو دەرەوەیدابوون نەبووە گۆڕینی ستراکتۆری زمانی کوردی لەو دەیەیەی ڕابردوودا.

هەروەها ناکرێت ئێمە هەموو ئەو شاعیرانە لە بۆتەیەکدا کۆبکەینەوەو بە گشتی بڕیاریان لەسەربدەین، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی تێڕوانینی ئەوان بە گشتی جیاوازەو لەیەک ئاستدا نییە چونکە بابەتێک لە نووسیندا کۆینەکردوونەتەوە وەک لە زۆر قۆناغە شیعرییەکانی تردا دەیبینین، ئەو شاعیرانە بە هەموویان خاوەنی دەیەها دەقی زیندوون، هەر یەک لەو دەقانەش خاوەنی کیمیای شیعریەتی خۆیانن، نە زمان و نە دنیای بەختیار عەلی لە دنیای دلاوەر قەراخی دەچێت، نە دنیای هیوا قادر لە عەبدولموتەلیب دەچێت، نە جەمال غەمبار لە قوبادی جەلی زادە دەچێت، دیارە نمونەی تریش زۆرە گەر باسیانبکەین.

***شیعری ئێمە بۆ شارستانی نابێتەوە، واتا بۆ شاعیری ئێمە لە شاردا دەژی و وا دەرئەکەوێ کە لە (دێ) ئەنووسێ؟ هۆکاری ئەم دیاردە ئەگەڕێننەوە بۆ کام توخمی شیعرییەت؟**

-دەمەوێت تۆزێک گشتگیرتر لەپرسیارەکەت وەڵامبدەمەوەو زۆر بەسادەیی پێتبڵێم، چونکە تا ئێستا تۆ شارێکت نییە کلتووری لادێ بەسەر کلتووری شاربوونیدا زاڵنەبێت. وە بەمانایەکی تریش تۆ تا ئێستا شارت نییە، شارێک کە خاوەنی دەیەها شێوە گوزارشتی جیاوازبێت لە دەیەها کایەی جیاوازدا، ئەو زمانەی لەماڵەوە قسەی پێدەکەیت هەمان زمانی قوتابخانەیە، هەمان زمانی سنعەتکاران و دکتۆر و قۆنتەراتچێکانییەتی، زمانی سیاسییەکان و دەڵاڵەکانیەتی، تۆ کلتورێکت نییە لەسەر شارستانییەتێک بنیاتنرابێت کە تەحەمولی بەربەرەکانی سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بکات و دنیایەک پرسیار لە خۆیدا دروستبکات بۆ گۆڕانی نوێ. هیچ شارستانییەتێک بەبێ فکرو بەربەرەکانی جیاوازییە فکرییەکان ناتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی و بەرهەمهێنانی جیاوازی بدات. شارێکت نییە شاری دینە جیاوازەکان بێت، شارێک لە ڕێی بیناسازییەوە خاوەنی مێژووی خۆی بێت، هەموو جیاوازییەکانی لە خۆیدا هەڵگرتبێت و پڕبێت لە ڕەنگی جیاوازو دەنگی جیاواز.

زمانیش کە ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتی گرنگی نێوان ئینسانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەیە لە قەیراندا دەژی، ئەویش قەیرانی بیرنەکردنەوەیە. تا ئێستاش منەوەرە موحافزکارەکانی ئێمە دژی هەموو گوزارشتکردنێکی نوێی زمانەوانین لەئەدەبدا بەناوی ئەوەی کە ئەو شێوە گوزارشتکردنانە کوردی نیین! ئەم پەژارەبوونە کلتوورییە، پەژارەییە لە ئاستی زمانیشدا. کێشەی بیرکردنەوەیە بە زمانی کوردی، مادام ئێمە وەک یەک بیرناکەینەوە کەواتە زمانیشمان دەبێت وەک یەک نەبێت، چونکە کاتێک ئێمە دەتوانین بنووسین کە بتوانین ئازادانە لە زماندا بیربکەینەوە.

تکایە بۆ ئەوەی ئەم وەڵامەی من بەهەڵە لێکنەدرێتەوە دەمەوێت بڵێم کە بوونی زمانێک بە زمانی شار مانای ئەوە نییە تۆ دەستەواژە کۆنەکان و بەکارهاتووەکانی

ناو زمانی لادێ فەرامۆشبکەیت بەناوی بەکارهێنانی زمانی شارەوە. چونکە ئەم پرۆسەیە گەر وا سادە سەیربکرێت ئەوا دەبێتە هەڵگری قەیرانێکی گەورە لە خۆیدا. چونکە قسەی من لەسەر ئەم ئاستە نییە کە تەنها لە شێوەی بەکارهێنانی دەستەواژەو گوزارشتکردنی ڕۆژانەدا بوەستیتەوە، بەڵکە مەبەستم شێوەی بیرکردنەوەیە، چونکە وەک ووتم زمان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی گرنگە.

بەگشتی شار واتا جیاوازی، کۆی جیاوازییەکان مانایەک دەدات بە شار کە هەمیشە هەستبکرێت ژیان تێیدا بەردەوامە، بۆ نمونە ئێمە شاری سلێمانیمان هەیە کە نمونەیەکی باشە وەک نمونەی شار باسیبکەین کە ڕەنگە بەراورد بە هەموو شارەکانی تر جیاوازی بەرچاوی هەبێت. ئەم شارە بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی وەک شار هەمیشە لەبەرزی و نزمیدا بووە، ئێمە با ئەم دەیەیەی ئێستای سلێمانی باسبکەین. دەبینین کەلتووری لادێ بەیەکجاری کلتووری شاری داگیرکردووە، هۆکانیشی زۆرن، سەرەتا ئەوانەی خۆیان بە شاری دەزانی و خەڵکی شار بوون زۆرینەیان سەفەریانکردو چوونە دەرەوەی وڵات. بازاڕ زیاتر بەدەستی کۆمەڵێ بازرگانەوەیە کە لەبنەچەدا خەڵکی لادێن، وە ئەم گروپە بازرگانە تەنانەت کاریگەری گەورەیان کردۆتە سەر زەوقی هەڵبژاردنی شمەکی بازاڕ، لەسەیرکردنێکی خێرای ناو بازاڕو بینینی ئەو شمەکە لەیەکچوو و ناشیرین و موستەهلەکانەدا تێدەگەیت کە چەندە زەوقێکی ناشاریانە لەپشت هەڵبژاردنیانەوەیە، تا دەگاتە ئەو هەموو دووکانانەی کە تەنها گوڵی نایلۆنیان تێدا دەفرۆشرێت.

هەروەها ئەو دەستەڵاتدارانەی کە شاردەبەن بەڕێوە خەڵکانێکن کە زیاتر موتەئەسیرن بە کلتوری لادێ و مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی بەقەدەر ئەوەی یارمەتی جیاوازییە کلتوورییەکانی ناو شاربدەن تا زیاتر گەشەبکەن، چونکە جیاوازی لای حیزبی کوردی واتا لەونەچوون، لەونەچوونیش واتا چوونە بەرەی نەیارەوە. هەروەها دەبینین چۆن دەسەڵاتداری کوردی بۆ مانەوەی خۆیان و بەردەوامی شەڕەکان و چاوسورکردنەوەکانیان لەیەکتری سەرلەنوێ ئاوی حەیات دەکەنەوە ژێر ئەو بنەما عەشایەریانەی کە لە سلیمانیدا تاڕادەیەک بەرەو کاڵبوونەوەو کارکەناری چووبوون.

بەشێوەیەکی گشتیش شێوەی گوزارشتکردنی دەسەڵاتداری کوردی شیوە گوزارشتکردنێکی لادێیانەیە، واتا ئەو زمانە هەڵگری جۆری بیرکردنەوەیەکە کە زمانی بیرکردنەوەی شارنییە. ئەم زمانە هەڵگری شفرە تایبەتییەکانی خۆیەتی سەبارەت بە شێوەی شەڕەکان و تێگەیشتن لە تۆڵەسەندنەوەکان و ملدان بۆ سوڵحەکانی نێوانیان.

کاتێکیش دەسەڵاتدارێکی حیزبی کە قسەدەکات دوای هەندێک ئەتەکێتی سادەی قسەکردن بەچەشنێک قسەدەکات وەک لەوەی لەبەردەمی مزگەوتی لادێیەکدا بێت و قسە بۆ هەندێک خەڵکی لادێ بکات. واتا هیچ ئەتەکێتێکی شێوەی جیاوازی قسەکردن

نابینیت، ئەو سەرکردەیەی کە قسە بۆ کۆمەڵێک جوتیار دەکات هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە لەبەردەم کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیریشدا.

میدیای کوردی کە گەورەترین ئەرکی لەسەرە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و بیرکردنەوە، میدیایەکی حیزبی خاوەن زمانێکی بێ خوێنی وایە کە جگە لە زمانی هوتاف و دنەدان و پەخشانهۆنینەوەو دەنگی خۆگڕکردن هیچ شێوە زمانێکی تر نازانێت. تەمەڵترین خەڵکانی ئەم وڵاتە میدیای کوردی دەبەن بە ڕێوە کە قیبلەی گەورەیان حیزبە. ڕۆژنامەکانیان جگە لە باسکردنی سەرکردەکان و چالاکییە حیزبییەکان پڕۆژەیەکی جدی وایان نییە بۆ زمان و کلتوور و دروستکردنی جیاوازی لەسەر ئاستی حورمەتگرتنی یەکتری.

ئەم هۆکارانە وایانکرد جیاوازییەکان هێندە بچکۆلەبێتەوە کە تەنها ببێتە جیاوازی نێوان دەسەڵاتداران و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ڕەخنەگر. ئەمەش ئەو ویستەیە کە حیزبی کوردی دەمێک بوو تەمەنای دەکرد.

کۆی هەموو ئەم هۆکارانەی کە باسمکردن، دەبنە هۆی نەهێشتنی جیاوازی کە هەرە مەرجی سەرەکی بوونی شارە.

ئەمانە بەشێکی کەمن لە کۆی ئەو هۆکارانەی کە هەست بە بوونی زمانێک نەکەیت کە زمانی شاربێت، ئەم پەژارەییە بەر نووسەرانی کوردیش کەوتووەو وایکردووە کە لە هەمان بازنەی بیرکردنەوەی حیزبیدا بمێننەوە، بەردەوامی ئەدەبی کوردی لە بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی سەر بە قوتابخانەی ریالیزمی شۆڕشگێرانە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ نیشانەی ئەوەبوو کە نووسەری کورد نەیتوانی خۆی لەو بازنەیە بهێنێتە دەرەوە کە حیزبی کوردی و ئایدۆلۆژیای سەردەست تێدابوو. هەروەها دابەشبوونی نووسەرانی کورد بەسەر دوو حیزبی کوردیدا هەم بە خوایشت و هەم بە تۆبزی وایکرد کە زمان وەک کەرەسەیەکی بیرکەرەوە سنورداربێت.

بۆ نمونە ئێمە گەر لە چیرۆکدا سەیربکەین دەبینین شاریترین چیرۆکنووسی ئێمە لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا تەنها شێرزاد حەسەنە لەناو دەیەها چیرۆکنووسدا. ئەمە نیشانەی نەبوونی جیاوازی ئەو شێوە بیرکردنەوەیەیە کە لەناو زماندا کاری پێدەکرێت.

هەمان ئەم حاڵەتە بۆ شیعری کوردیش ڕاستە، کە بۆ (شاعیری ئێمە لە شاردا دەژی و وا دەرئەکەوێ کە لە (دێ) ئەنووسێ؟) چونکە ماناکانی شیعر لای ئێمە مانای سیاسی تری پێدرابوو، واتا شیعر نووسین جۆرێک بوو لەگەیاندنی پەیام، زمانی شیعری جۆرێک بوو لە بیرکردنەوە لەناو ماناکانی خۆبەختکردن و بەرگریدا، ئینسان لەم شیعرانەدا هەمیشە وەکو ئینسانێکی سیاسی وابوو کە دەبوو پاڵەوانبێت و پاڵەوانانە بمرێت. ئەم شێوە گوزارشتکردنەش لە زماندا پێویستی بە گوزارشتکردنێک بوو کە دەبوو لە ڕەگەوە وەربگیرێت، ئەو ڕەگەش لە زمانی کوردیدا ڕەگێک بوو کە شار بەرهەمی نەهێنابوو، بەڵکە زیاتر سەر بە لادێ بوو، سەر بەو کۆ ژیان و هەرەوەزییە بوو، ئەو خۆبەختکردنە کۆییەی کە لە ڕێی شیعرەوە ئینسانی

کوردی کرد بە ئینسانێکی سیاسی سادە، چونکە ئەو زمانە تەنها خاوەنی یەک مانای بیرکردنەوە بوو، هەر هۆکاری ئەم جۆری بەکارهێنانی زمانەو خوێندنەوە سادەکان وای لە هەموو ئینسانێکی کورد کردوە هەمیشە وا بزانێت ئینسانێکی سیاسییەو دەتوانێت لە هەموو شتەکاندا قسەبکات بەڵام بەبێ ئەوەی بنەماکانی سیاسەت بزانێت لە بیرکردنەوەیدا.

ساڵانێکی زۆر کارکردن لە زمانی شیعریدا کارکردن بوو بۆ کۆکردنەوەی دەستەواژەی کۆن واتا نزیکبوونەوە لە زمانێکی پەتی، ئەم جۆرە کارکردنە لە ئەدەبدا کارکردن نەبوو لە زماندا هێندەی ڕزگارکردنی زمان بوو لە فەوتان. ئەگەرچی زۆرینەی ئەو دەستەواژە پەتیانە هەروەک خۆیان مانەوەو نەهاتنە ناو قسەی ڕۆژانەوە، دەستەواژەیەکیش نەیتوانی زیاد لە دەساڵ لەناو زمانی خەڵکیدا بژی ئەوا لەبیردەچێتەوەو دەفەوتێت.

بۆیە ئەم کێشەیەی کە تۆ باسیدەکەیت کێشەی نەبوونی خەیاڵە لە زماندا. نەک توخمی شیعرییەت کە تۆ وا ناوتبردووە، بۆیە شاعیری خراپ ئەو شاعیرەیە کە خەیاڵی نییە، کە خەیاڵ ئامادەی نەبوو زمانیش بەرهەم نایەت.

***شیعری ئێوە ئەچێتە خانەی شیعری ڕۆمانسییەوە، ئایا پێتان وانییە لەم فەزای ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا و بەگشتیش ڕۆمانسییەت هەڵاتنە لە واقیعەکان و تەرزیق وەشاندنی موخەدەرات بە کۆمەڵگا؟ ناکرێت بڵێین ئەمە پەنا بردنێکە بۆ فەنتازیاو وەهم و میتافیزیکا؟ ڕای ئێوە چۆنە؟**

–ئەم قەناعەتەی لە پشتی ئەم پرسیارەوەیە قەناعەتێکی ئایدۆلۆژی و حیزبییە نەک ئەدەبی. بە پێچەوانەوە من پێموایە خودی ئەم پرسیارە بۆ خۆی هەڵاتنە لە ئینسان و تێنەگەیشتنە لە ئەدەب، نەک ئەو ڕۆمانسییەتەی کە تۆ باسیدەکەیت. لەڕاستیدا ئەو قەناعەتەی کە تۆ باسیدەکەیت دژی ئینسانەو بە قەولی تۆ (تەرزیق وەشاندنی موخەدەرە بە کۆمەڵگا)، نەک ڕۆمانسییەت. دیارە ئەو تەعریفەی تۆش بۆ ڕۆمانسییەت دەیکەیت دواتر دێمەوەسەری و باسیدەکەم.

ئەدەبی کوردی دیوی ئێمە زیاد لە 25ساڵ ئەم قەناعەتە ئایدۆلۆژییە پڕوکاندی و خەیاڵی لە نووسەر سەندەوە. ئەدەبی کرد بەماڵی ئینسانە ئازاکان، ئەو ئینسانانەی کە ئایدۆلۆژییەکان باسیاندەکرد، پێشدەستەی هەمووشیان ئایدۆلۆژیای بەرەی چەپ بوو. ئەدەبی واکورت کردەوە کردی بە بەیانێکی حیزبی، خێرو شەڕی دەستنیشانکرد، دنیای دابەشکرد بەسەر ڕەش و سپیداو سنووری خەیاڵی بۆ نووسەران دەستنیشانکرد. ئەدەبی شۆڕشگێڕی و واقیعی ڕەخنەگرانەی کرد بەسەردەستەی ئەدەبیات وناوی لە دژەکەشی نا ڕۆمانسییەت. ئەو ڕۆمانسییەتەی تۆ باسیدەکەیت فڕی بە ڕۆمانسییەتەوە نییە وەک قۆناغی ئەدەبی و ئەندێشە بەڵکە مانای تری ئایدۆلۆژی و سیاسی هەیە، ئەو مانایانە بێبەرین لە هەموو پێوەرێکی ئەدەبی، کە تۆ بەم چەشنە باس لە ڕۆمانسییەت دەکەیت کەواتە دەبێت

ئەلتەرناتیڤێکی ترت هەبێت بۆ شیعر. ساڵانێکی زۆر ئاوا شیعری کوردی دابەشدەکرا بەسەر شیعری ڕۆمانسی و شیعری سیاسیدا،

به بێقیمەت سەیرکردنی هەموو ئەو شیعرانەی تر کە نەدەچوونە چوارچێوەی شیعری سیاسیەوە (بەو تەعریفە کوردییەی کە ئەو سەردەمە باوبوو بۆ ئەو جۆرە شیعرانە) وایکرد کە ناوی شیعری ڕۆمانسییەتی لێبنرێت، یان شیعری ناسک و پەمەیی پێبوترێت، تا ڕادەی ئەوەی ئەو شاعیرەی خاوەنی شیعری سیاسی و بۆنە نیشتمانییەکان نەبوایە بە شاعیرێکی ناسک و ڕۆمانسی ناودەبراو هەندێک جاریش وەک حیزێک سەیردەکرا. چونکە عەیبەیەکی گەورەبوو تۆ ئینسانێکی ناسک و حەساسبیت و شیعری سیاسی نەنووسیت و نەنەڕێنیت. ئەمە ماڵوێرانی بوو نەک سیاسەت، تێنەگەیشتن بوو لە ئەدەب وەک ئێستاتیکا، کردنی نووسین و نووسەرەکەی بوو بە پاشکۆی ئایدۆلۆژیاو حیزب.

ئەم شێوە تێڕوانینە بۆ هەر نووسەرێک بەبێ دۆزینەوەی بابەتێکی بنەڕەتی بۆ قسەلەسەرکردن تەنها هەر لە دنیای کوردیدا هەیە، هۆکەشی ئاشکرایە چونکە ئەم جۆرە دابەشکردن و ناونەتۆرە دانانە جۆرێکە لە باشترین ڕێگا بۆ لە کۆڵخستنەوەو قسەنەکردن لەسەر ئەو جیاوازیانەی کە لە دنیای ئەدەبی ئێمەدا هەیە.

ئەم شێوە تێڕوانینەی تۆ بۆ شیعرەکانی من کەمێکیش دڵخۆشم ئەکات بەوەی کە دیارە شیعرەکانم زۆر دەخوێنرێتەوە بۆیە بە (تەرزیق وەشاندنی موخەدەرات بە کۆمەڵگا) ناوتبردووە، من لەوە زیاتر قسەی ترم نییە و نامەێت لەسەر نووسینی خۆم بدوێم.

*بۆچونت سەبارەت بە چەمکێک بەناوی (دەقی ژنانە)وە چۆنە؟

-ئیمە ڕەنگبێت خاوەنی هەندێک دەقی جوانی ژنانە بین بەڵام خاوەنی دەنگێکی هەمیشە ئامادەو داهێنەری ژنانە نین.

ڕەنگە ئەمە هۆکاری زۆری هەبێت، هەرە هۆکارە ئاشکراکانی دەگەرێتەوە بۆ ئەو موجامەلە زۆرەی میدیای کوردی کە بۆ قەڵەمی ژنانی دەکات. بۆ نمونە ئەو پایە ئەدەبیانەی کە ژن لە ئەدەبی کوردیدا وەریگرتوون بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ژنبوونیان، دەنا هەر لەو ئاستە ئەدەبیەدا دەیەها قەڵەمی پیاو هەیە کەسیش نایان ناسێت. دەرکردنی ئەدەبی ژنان بە ناوی ژنبوونەوە لەو مونافەسە ئەدەبییەی کە پیاو هەیەتی لە ئەدەبی کوردیدا هەڵەیەکی گەورەیەو ئەم هەڵەیەش میدیای کوردی بەرپرسیارە لێی. دەنا لە هیچ دنیایەکدا نییە ئەدەبی پیاو و ئەدەبی ژنان دوو ئاستی مونافەسەکردنی هەبێت و نەرمی لەگەڵ ئەدەبی ژناندا بنوێنرێت و ڕەقیش لەگەڵ ئەدەبی پیاواندا، کە دیارە من ناونانی ئەدەبی ژنان و پیاوانم قبوڵنییە، بەڵکە دەکرێت قسە لەسەر زمانی ژنانەو پیاوانە بکرێت دەنا شتێک نییە ناوی ئەدەبی ژانانەو پیاوانە بێت. وە هۆکارێکی تریش هەیە کە لەئێستاوە درێژە بەو هەڵەیە دەدات کە لەسەرەتاوە میدیای کوردی کردی و ئێستاش لێی بەردەوامە، ئەو بزاوتە پڕ لەفەوزاو شەرمنەیە کە بەناوی فێمەنستی کوردییەوە لە ئارادایە، ئەمە هەموو

نووسینێکی ئافرەتان زەقدەکاتەوەو بەنووسینێکی گەورەو داهێنەرانەی دادەنێت، بەبێ هیچ پێوەرێکی ئەدەبی. هەر نووسەرانی ناو ئەم باوەخولێ فێمەنستیە کوردییە تائێستا نەیانتوانیوە هێندەی دێڕێکی مەستوورەی ئەردەلانی لە ژنبوونی خۆیانەوە نزیکبن کە ئەو پێش سەدسالٚ لەوەوبەر لە شیعری کوردیدا ئامادەیی هەبووە.

هەڵەیەکی زۆر گەورەشە گەر گوزارشتکردن لە ژنبوون لە نووسینی ژنی کوردا تەنها بگەڕێنینەوە بۆ غەزەلدارشتن بەسەر پیاواندا، ئەمە نابێتە شوناسێکی زیندوو بۆ دەقێکی ژنانە. بەڵکە بیرکردنەوە لەم کێشەیە زۆر قوڵترە لەوەستانێکی واقوڕماوانە بەدیار ئەو دەقانەوە. دەقی ژنانە پێشهەرشت دەبێت حورمەتی ئینسانبوون ببەخشێتەوە بەو کائینە لاڵ و بێدەنگ و سیمانەبووەی کە ناوی ژنی کوردە.

ئەمانە هەمووی تەپوتۆزێکی گەورەی لەدەوری نووسینی داهێنەرانەی قەڵەمی ژنان دروستکردووە، کە وادەکات دەقە ژنانە جوانەکانیش لەناو خۆیدا بشێوێنێت.

بەڵی هەندێ دەقی جوانی ژنانەمان هەیە، هەندێک لە بەرهەمەکانی کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، سەحەر ڕەسای، لازۆ، چۆمان هەردی، نەزەند بەگی خانی، ژوان ئاوارە، کۆسار کەمال و هەندێکی تریان کە وەک ئەستێرەیەک دەکشێن و زوو دیارنامێنن.

***ئێستا کە نزیک بەچوار دەیە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕوانگە تێپەڕیوە چۆن ئاوڕ ئەدەیتەوە سەر ئەو بەیاننامەیەو ئاکامەکانی ڕوانگە؟**

-ئەو بەیانامەیە مەگەر لە ڕوویەکی مێژووییەوە گرنگی هەبێت دەنا وەکو گرنگی دەبێ ئێمە قسە لەسەر بەرهەمەکانی ئەو قۆناغە ئەدەبییە بکەین. ڕوانگە کاریگەرییەکی جدی گەورەی هەبوو لەسەر گۆڕینی (فۆرم - شێوە)ی نووسینی کوردی، کە ڕەنگە بە گشتی قسەکردن لەسەر ڕوانگە بێ هەڵبژاردنی تەوەرەیەک بۆ قسەلەسەرکردنی ناهەقی نواندن بێت بەرامبەریان. بەڵام تەنها ئەمە بەسنییەو دواتر دەبێت قسە لەسەر ئەو شێوە تەسلیمبوونەی ڕوانگەش بکەین بەو مەرجانەی کە سیاسەتی کوردی هەیبووە لەو قۆناغەدا. هەروەها ئەو کاریگەرییە دەرەکییە ئەدەبی و سیاسیانەی تریش کە کاریان لەسەر نووسەرانی ناو ڕوانگە کردبوو.

من لێرەدا خۆم کەمیک لە زیادەڕۆی دەدزمەوەو دەمەوێت باس لە زمان و شێوەی نووسینی ئەدەبی بکەم لەناو ڕوانگەدا. ڕوانگە بەو گۆڕان و میراتە شیعرییەی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆرانەوە کە بۆی مابۆوە توانی خۆی لە قافییەی شیعری سەر بە عەروزی زمانی عەرەبی دەربکات و شیعر بخاتە سەر کێشە جیاوازەکانی پەنجە. بەردەوامی ئەمە بۆ خۆی وەک فۆرم یەکەم هەنگاو بوو بۆ ڕزگاربوونی شیعری کوردی لەژێر سێبەری شیعری عەرەبی و تا ڕادەیەک فارسیش. بەڵام لەم قۆناغەدا زمان هێشتا وەک جەوهەرێکی بیرکەرەوە گوڵناگرێت و خێرا دەبێت بە ژێر زمانێکی تەجریدی واوە کە پڕدەبێت بە ڕەمزی شیعری سادە کە دەلالەت لە کۆمەڵێک مانای کوردبوون و ئایدۆلۆژیەت دەکات. ئیدی لێرەوە قوتابخانەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانەو

ڕەخنەگرانە دەبێتە قەفەزێکی ئاڵتوونی بۆ شیعری کوردی بۆ ماوەی زیاد لە بیست و پێنج ساڵ. بەدیوێکی تریشدا وەک پێشتر باسمکرد زمان دەکرێت بە ژێر کۆکردنەوەی دەستەواژەی کوردی پەتی واوە کە تەنها لە پێناوی هێنانەوایان بۆ ناو زمان و ڕزگارکردنیان لە فەوتان بەرهەمی شیعری سڕدەکەن و دەیخەنە ناو زەخرەفەکردنێکی زمانەوانییەوە. هەروەها زۆری بەکارهێنانی ڕەمزە شیعرییە لەیەکچووەکان وادەکات تەنها خوێندنەوەیەک بۆ زمان و تێگەیشتن لە ڕێی ڕەمزەوەبێت، واتا هەموو شتێک وەک ڕەمز دەخوێنرێتەوە و تەفسیری ڕەمزی بۆ دەکرێت، دیارە ئەمە هەر شیعر ناگرێتەوە بەڵکە شانۆو چیرۆکیش دەگرێتەوە. ئەم لەقاڵبدانە شکڵییە بۆ زمان و بەرهەمی ئەدەبی زەرەرێکی زۆر لە زمان و بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدات کە تەنها بە دیوێکی سادەی وادا بخوێنرێنەوە کە ئەو ڕەمزانە تەمسیلی دەکەن.

تا وایلێدێت گەورەترین خەونی شاعیرانی ناو ڕوانگە ببێتە پەیداکردنی زۆرینەی خوێنەران بە سادەکردنەوەی دەق و پڕکردنیان بەو ڕەمزانەی کە ڕەمزی بەرگری و شۆڕشگێرانەی ئەو سەردەمەبوون، ئەم کارەش لەژێر ناوی دژایەتیکردنی ئەدەب بۆ ئەدەب. ئەمەش بۆخۆی قەیرانێک بوو کە خوێنەری کوردی والێکرد کە لەدەرەوەی ئەو دەقانەوە بیر لە ئێستاتیکای دەق نەکاتەوە، زیاتر بەوافابێت بەرامبەر بەتێگەیشتن لەو ڕەمزە سادانەی کە لەناو دەقەکاندا بوون.

بەدیوێکی گشتیشدا دواتر دابەشبوونی شاعیران و نووسەرانی ڕوانگە بەسەر حیزبی کوردیدا وایکرد کە بەگشتی کۆی ئەو بەرهەمانە ببنە پاڵپشتێک بۆ حیزب و هەوادارانی. ئەم کێشەیە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە حیزبی کوردی هەستبکات کە نووسەران هەموویان هی ئەون و دەبێت پێبەپێی ئەو ڕێبکەن.

ئەمانە هەمووی بەشێکی کەمی ئەو قەیرانانەی ناو ڕوانگەن کە هێنایانە ناو ئەدەبی کوردییەوەو بەشێکی تائێستاش هەر بەردەوامە. تەنانەت ڕوانگە جۆرێک لە مۆدێلی ژیانیشی بۆ شاعیران و نووسەرانی هێنایە کایەوە کە زیاتر بە مۆدێلێکی بۆدلێری دەناسرێت، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت شاعیران هەمیشە (خەمبارو کەساس و زامدار و بێخەوبن)، تەنانەت ئەمە لە هەڵبژاردنی پاشناوی شاعیرەکانیشدا کاریگەری خۆی هەبوو.

گەڕانەوەی من بۆ بەرهەمەکانی ڕوانگە لە ئێستادا ڕەنگە تەنها وەک لایەنێکی مێژووی و لێکۆڵینەوە بێت، دەنا وەک دەقێک کە توانای ئەوەیان هەبێت ببنە پرسیار بۆ ئێستای من، نا. بەڵام وەکو تر لەو کەمە شاعیرانەی ڕوانگە کە تائێستاش دەنووسن و بەردەوامن، حەزدەکەم ئاگاداری بەرهەمەکانیان بم و بیانخوێنمەوە.

***ئەدەبیاتی سیاسی چۆن پێناسە ئەکەیت؟ ئایا ئەدەبی سیاسی بەمانا تایبەتییەکەی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا ئەبینی؟**

–ئەمە دەکەوێتە سەر ئەو تەعریفە جیاوازانەی کە بۆ ئەدەبی سیاسی کوردی دەکرێت، تۆ ناکرێت باس لە میللەتێکی ژێردەستە بکەیت بەبێ بوونی ئەدەبیکی سیاسی، تەنانەت ئەو ئەدەبە ئەگەر ئەدەبێکی میللی زارەکیش بێت، بەڵام ئایا

ئەدەبی سیاسی چییە؟ ئایا ئەو ئەدەبە تەنها دنەدان و پڤدانی خەبات و شۆڕشکردنە دژی چەوسانەوە، وە گرنگی نەدانە بە ئێستاتیکا وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی؟ دیارە ئەم جۆرەیان زیاتر لای ئێمە بوونی هەیە، واتا ئەدەبیکی سیاسی خاوەن پەیام بەڵام هەژار لە ئێستاتیکاو لایەنی هونەریدا.

پێناسەی ئەدەبی سیاسی لای ئێمە زیاتر پێناسەیەکی لۆکاڵییە، واتا بەپێی ئەو ئامانجە سیاسییانەی کە لە ئەدەبدا دەنەخشێنرێن پێناسەدەکرێت. ئەم پێناسانەش زیاتر پێناسەی سیاسین بۆ ئەدەب نەک پێناسەی ئەدەب بۆ ئەدەب، بۆ نموونە بەرەی چەپ پێناسەیەکی بۆ ئەدەبی سیاسی هەیە کە جیاوازە لە بەرەی ناسیۆنالیستی کوردی. واتا ئەدەبی سیاسی لەدەرەوەی ئەدەبەوە وەزیفەی گەیاندنی پەیامی دراوەتێ، ئەدەبی کوردی پڕە لەم جۆرە شیعرانە کە تەنها لەسەردەمەکەی خۆیاندا بۆ ماوەیەکی کەم ژیاون و دواتر لەبیرچونەتەوە.

بەڵام لایەنی هەرە گرنگی ئەم جۆرە ئەدەبە لە کۆمەڵگای کوردیدا، نەخشاندنی ئەو جۆرە مۆراڵە بووە کە ئینسانی کوردی لەسەر پەروەردەکراوە. ئەو مۆراڵەش مۆراڵی کوردبوون و خەبات و هەوڵدان بووە، کە ساڵانێکی زۆر قورسایی خۆی هەبووە. چەسپاندنی ئەو مۆراڵەش لە شیعردا کە من بە دەینەمۆی مۆراڵی کوردی ناودەبەم لە شاعیرانی وەکو حاجی قادری کۆییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە شاعیرانی ڕۆشنگەری وەک (قانع و زێوەرو پیرەمێرد). لەو سەردەمەدا پێناسەکانی کوردبوون دابەش بووبوو بەسەر کۆمەڵێک تەوەرەی سادەدا وەک هەوڵدان بۆ عیلم، خوێندنی کچان، بە کوردی نووسین، خەبات دژی دەرەبەگ، دژی ئیستعمار، دروستکردنی شوناسی کوردی و گەڕانەوە بۆ مێژوو شانازی پێوەکردنی...) ئەمانە ئەو پنتە سەرەکیانەی ئەو جۆرە شیعرانەبوون کە دەکرێت هەندێکیان بە شیعری سیاسی لەقەڵەمبدەین. زۆرینەی ئەم شاعیرانە قاچیان لەسەر زەوی بووەو توانای بینینی واقیعی کوردیان هەبووە، هەروەها خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵایەتی واشبوون کە جیاوازە لە پایەی کۆمەڵایەتی شاعیرانی دوای خۆیان و ئێستا، ئەمان مۆڕاڵێکیان بۆ ئینسانی کورد لە شیعرەکانیاندا داڕشت کە بووە گەورەترین کەرەستە بۆ ماناکانی کوردبوون، یەکبوون و یەک دەستی و هاوبەشی. بەڵام زۆرینەی ئەم شیعرانە وەک زمان و ئێستاتیکا زۆر هەژارن و گەربێت و ئەو پەیامانە لە شیعرەکاندا دەربکەیت ئەوا هیچیان نامێنێتەوە کە دابەشبێت بەسەر زمان و ئێستاتیکادا.

گەر لەو قۆناغەش واوەتر بێیت دێیت بەسەر شیعرە سیاسییەکانی گۆراندا دەکەویت کە بۆ لینین و ئایدۆژیای چەپی نووسیوە، ئەمانەش لە دەرەوەی شیعرە جوانەکانی گۆرانەوەن. دواتر دێینە سەر ڕوانگەو ئیدی ماناکان وورده وورده سادەو سادەتر دەبنەوە و دەبن بە کۆمەڵێک ڕەمزی دووبارەبۆوەو حیزب لەناویاندا دادەنیشێت. کۆتایی ڕوانگە کۆتایی ئیشکردن بوو بەو مۆڕاڵە گشتییەی کوردبوون کە ئیدی حیزب و ئایدۆلۆژیا کاری خۆیان تێداکرد و هەرئەوانیش بوونە هۆی فەوتاندنی ئەو مۆڕاڵە کوردییە.

ئەمانە بەشێکی کەمی وێنەی ئەو نەخشە شیعریەیە کە بە ئەدەبی سیاسی ناودەبرێت، ئەگەرچی زۆر لە ناسیۆنالیستە کوردەکانیش ڕیشەی بوونی ئەم ئەدەبە

دەگەڕێننەوە بۆ ئەحمەدی خانی. کە ئەمەش زیاتر قسەفڕێدان و خۆدزینەوەیە لە تێرامانی ڕەخنەیی.

***لە شاعیرانی نوێگەری فارس کێ ئەناسی و کێت خوێندۆتەوە؟**

–بەداخەوە زۆر کەمیان دەناسم، ئەویش بە خوێندنەوەی بەرهەمێک یان دوان نابێتە ناسین. ئەمە نوقسانییەکی گەورەی منە، هۆکەشی ئەوەیە کە من فارسی نازانم. ئەو بەرهەمە کەمەی ئەدەبی فارسیش کە خوێندومەتەوە سەرەتا بە زمانی عەرەبی بووە، ئەم ساڵانەی دوایش ئەو بەرهەمانەی کە کراون بە زمانی کوردی زۆرینەیانم خوێندۆتەوە. بەڵام ئەدەبی فارسی بۆ من زیاتر وەک نەستالژیا (یادوەری) یەک وایە چونکە من لە منداڵییەوە گوێم لە شیعرەکانی حافزو مەولانەو مەولەوی بووە بە هۆی باوکمەوە، بەڵام کەچی بەبێ ئەوەی تێیان بگەم خۆشمویستوون. بۆیە هەستدەکەم هەمیشە حەنینێکم بۆ ئەدەبی فارسی هەیە.

***شیعری ئێوە زۆر لە ژێر کاریگەری سوهراب و فروخی فەروخزاد دایە دیارە ئەم کاریگەرییە لای هەندێک لە شاعیرانی کوردستانی عێراق بەرچاوترو ڕاستەوخۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە بە عەرەبی نزیکترن تا بەفارسی، بەڵام ئەوەندەی زۆر جار دووپاتبوونەوەی سوهراب و فرووغ ئەبینینەوە، کاریگەری نزار قەبانی یان سەعاد سەباح نابینین؟ بەڕای ئێوە ئەم دیاردە چ هۆکارێکی هەیە؟**

–زۆرجار ئەم پرسیارەم لێدەکرێت، بەڵام خۆزگە ئەم جارە ئێوە ئەو پرسیارەتان نەکردایە چونکە ئێوە نزیکترن لە زمانی فارس و بەرهەمی ئەو نووسەرانە باشتردەناسن. من هیچ فارسی نازانم و بەفارسیش ڕەنگە بەهەمووی سەد لاپەڕەم لە ژیانمدا نەخوێندبێتەوە. وە ئەو بەرهەمانەی سپهری و فەروغیش کە کراون بە کوردی هێندە نین کە توانیبیتیان هەموو تێڕوانینی شیعری من بگۆڕن، بۆیە هەستدەکەم ئەمە زیاتر تۆمەتە وەک لە ناسینی شیعری من. دیارە من سپهریم خۆشدەوێت و هەندێک لە شیعرەکانی فەروغیش، خۆ گەر کاریگەرییەکی سپهریش بەسەر شیعری منەوە هەبێت هێندە بە عەیبەی نازانم، بەڵام زۆر شاعیرانی دنیا هەن کە وەک سپهری دەنووسن بۆ ناوی ئەوان نابەیت کە کاریگەریان بەسەر منەوە هەبێت. ڕەنگە نزیکی و هێمنی تێڕوانینی من بۆ دنیاو شتە بچوکەکان وابکات ئەو لێکچونە دروستبکات، دەنا وەکو تر تۆ سەرپشکبە لە دەستنیشانکردنی ئەو لێکچونە شیعریانەدا.

من سەردەمانێک هەموو شیعری نزارقەبانیم خوێندۆتەوە بەڵام هێندە سەرسام نەبووم بەدنیا شیعرییەکەی. وابزانم بیست ساڵێک لەوەوبەریش چەند شیعرێکی کەمی سەعاد سەباحم خوێندۆتەوە، بەگشتیش من جگە لە ئەدۆنیس و هەندێک نووسەری دانسقەی تری عەرەب نەبێت ئەدەبی عەرەبیش ناخوێنمەوە.

**تێبینی:** ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە 3ی گۆڤاری ڕەوەند لە ئێران بە زمانی فارسی بڵاوبۆتەوە،